# لە زانستەکانی قورئان
# (( سرووش )) الوَحي


م/ **شێرزاد عبدالقادر**
**فێرخوازی ماستەر لە زانستە شەرعی‌یەکاندا**


بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

پێغەمبەرایەتی بەخششێکی پەروەردگارە، ئەم پلە هەرە بەرزەش نەبەحەز و ئارەزوو دەست دەکەوێت، نەبە خۆماندوو کردن و زۆر هەوڵدان، خوای گەورە لە زۆر ئایەتی قورئاندا باس لەم بنەمایە دەکات هەروەکو دەفەرمێت:
﴿ الله أعلَم حيثُ يجعلُ رِسالَته﴾. [الأنعام: ١٢٤] .

واتە: پەروەردگار خۆی زاناترە پەیامی خۆی لە کوێ دادەنێت و بە چ کەسێکی دەبەخشێت، چونکە خۆی ئاگادارە چ کەسێك شیاوە بۆ پەیامەکەی وە کێ هەڵدەسێت بە هەڵگرتنی .

کەواتە بوونی کەسێك بە نێردراوی خودا بەپێی زانست و حیکمەتی خودایە .

جا ئاگادارکردنی خوا بۆ پێغەمبەرانی خۆی بەپەیامەکەی – بەڕێگای تایبەت – زانایان ناویان لێ ناوە بە ( **سروش** ) ( **الوَحي** ) .

جا لەم باسەدا هەوڵ دەدەین ئەوەی گرنگ بێت لە بارەی ئەم بابەتە گرنگەوە لێی بدوێین و ڕوونی بکەینەوە لە ڕێگەی چەند خاڵێکەوە:

## یەکەم: مانای ( الوَحي ) لەزمانی عەرەبیدا :

وشەی (**الوَحي**) بە پێی زانستی وشە سازی (صرف) بە چاوگ (مصدر)

دەژمێردرێت، وە فرمانەکەیشی (فعلـە) (**وَحَى – يحي**)ە .

وە بنەمای مانای وشەی (**الـوَحِي**) لـە زمانی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت:

**١ـ (الخَفَاء)**، واتە: شاراوەیی .

**٢ـ (السُّرعة)**، واتە: خێرایی .

سـەبارەت بـە بنـەمای یەکـەم کـە (شارەوایی) یە زۆر بەکار هێنراوە لـە ناو عەرەبدا، بۆ نموونە ئەگەر باسی کەسێك بکەن بەوەی بەنهێنی و شاراوەیی قسەی کرد لە گەڵ بەرامبەرەکەی دەڵێن: (وحى إليه كلاماً) یان (أوحى إيـحاءاً إلى فلان) .

سـەبارەت بـە بنـەمای دووەم کـە (خێرایـی)یـە، بەهـەمان شـێوە زۆر بـەکارهێنراوە بـۆ نموونـە ئەگـەر باسی کەسێك بکەن کە پەلەی کردبێت لە ئاژەڵ سەربڕیندا دەڵێن: (**وحى الذبيحة**)، وە ئەگەر بـە مردنێك بڵێن خێراو پەلـە بـوو دەڵێن: (**مَوْتٌ وَحِي**) ...

لـەم ڕوون کردنەوەیـەدا ئـەوەمان بـۆ دەرکەوت کە بنەمای مانای وشەی (**وحي**) دەگەڕێتەوە بۆ (شاراوەیی) و (خێرایی) .

(**وحـــي**)ش لـــەڕووی مانـــا زمانەوانییەکەیـەوە ئـەم خاڵانـەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

## ١ـ الإلـهام الفطري للإنسان:

بەهرەی ڕەچەڵەکی مرۆڤ:

وەکو سـروش (**وحـي**) بـۆ دایکـی موسـا (ﷺ)، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وأوحينا إلى أم موسى أنْ أرضِعِيهِ﴾. [القصص: ٧] .

واتـە: فـەرمانمان کـرد بـەدایکی موسـا (ﷺ) بـەڕێگای بـەهرەی ڕەچـەڵەکی کـە شیر بە کۆرپەکەت (موسا) (ﷺ) بدە.

## ٢ـ الإلـهام الغريزي للحيوان:

بـەهرەی ڕەمـەکی بـۆ ئـاژەڵ: وەکـو سـروش بـۆ مێشـەنگ . خـوای گـەورە دەفەرمێت:

﴿وأوحى ربك إلى النحل أن اتخِذِي مِن الْجِبال بيوتا ...﴾. [النحل: ٦٨] .

واتە: پەروەردگارت مێشـەنگی ئاگادار کـردەوە بـە ڕێگـای بـەهرەی ڕەمـەکی بەوەی کەلـە شـاخەکان جێگـا بـۆ خـۆی دابنێت ...

## ٣ ـ الإشارة السريعة:

ئاماژەی خێرا:

خوای گەورە لـەبارەی ( زکریـا) (ﷺ) خـەڵکی ئاگـادار کـردەوە ــ بـە هێمـا و ئامـاژە ــ کـە یـادی خـودا بکـەن لـە بـەیانیان و ئێـواران، چـونکە مـوژدەی پێدەدرێت خێزانەکەی کوڕێکی دەبێت بـە ناوی (یەحیا) (ﷺ):

﴿ فَأَوحَى إِلَيهِم أَنْ سَبِّحوا بُكْرَةً وعَشِيا﴾. [مريم: ١١] .

**٤ـ تزيين الشيطان الشر في النفس:**

ڕازاندنەوەی شەیتان بۆ کاری خراپە لەدەروون:

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وكَذَلِكَ جعلْنا لِكُلِّ نبِيٍّ عدوا شياطِين الإِنسِ والْجِنِّ يوحِي بعضهم إِلَى بعضٍ زخرف الْقَولِ غُرورا﴾. [سورة الأنعام: ١١٢] .

واتە: هەر وەکو چۆن ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوژمنمان بۆ تۆ داناوە، بە هەمان شێوەش بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنمان داناوە لە جنی و مرۆڤ، ئەو دوژمنانەیش هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان هەڵە و بێ باوەڕییەکەی خۆیان دەڕازێننەوە ...

**دووەم: مانای (وحي) لە زاراوەی شەرعدا:**

زانایانی زانستی قورئان — ڕەحمەتی خوایان لێ بێت — بەدوو شێوە مانای (**وحي**) یان لێکداوەتەوە:

**شێوەی یەکەم:** بە پێی ئەوەی کەچاوگە (مصدر)ە لە پێناسەکەیدا ووتویانە: (هو إعلام الله تعالى أنبياءه، بطريقة سرية خفية) .

واتە: (سروش) بریتییە لەوەی کە خوای گەورە ئاگاداری پێغەمبەرانی خۆی بکاتەوە بە پەیامەکەی بە ڕێگای نهێنی شاراوە .

وە بەهەمان شێوە پێناسەیان کردووە— بە پێی مانا (مصدر) ێکەی — بە (إعلام الله بالشرع) کە ئەمەش لە مانای پێشوودایە ...

**شێوەی دووەم:** بەپێی ئەوەی کە (مصدر)ە و لەمانای (**اسم المفعول**)[1] بەکار هێنراوە، لە پێناسەکەیدا ووتویانە: **(كلام الله، المنزل على نبي من أنبيائه)** .

واتە: ( سروش ) — بەمانای سرووش کراو — بریتییە لە فەرموودەی خوای گەورە کە دابەزیوەتە سەر پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی .

لە پاش ئەوەی پێناسەی (**وحي**) مان کرد لە(شەرعدا) حەز دەکەین چەند تێبینی یەك بخەینە بەرچاو:

**یەکەم:** دابەزینی (**وحي**) گشتییە ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەر شتێك دابەزێنرێتە سەر پێغەمبەران ئەوا بە (**وحي**) دەژمێردرێت، بۆ نموونە: (قورئان) بە (**وحي**) دەژمێردرێت، وە

---

١) بەکارهێنانی چاووگ لەمانای (اسم المفعول) شتێکی باوە لەڕێزمانی عەرەبیدا، بۆ نمونە (كتاب) بەکاردێنن بەمانای(مكتوب)، وە(هبة) بەمانای (موهوب)....

(فــەرموودەی) پێغەمبــەران بــە هــەمان شێوە بە (**وحي**) دەژمێردرێت .

**دووەم**: هــەر دەقێــك لــە قورئــان وســوننەتدا هاتبێــت كــە خــوای گــەورە (**وحـــي**) كردبێــت بــۆ بەندەیــەك لــە بەندەچاكەكانی كە پێغەمبــەر نــەبووبێت، ئەمە بە ئاگادار كردنەوەی پێغەمبەرایەتی ناژمێردرێت، چونكە (**وحـي**) بـە هـەردوو پێناســـەكەی كـــە باسمـــان كـــرد جیاكەرەوەیــە لــە نێــوان پێغەمبــەران و مرۆڤی تر، بۆ نموونە خوای گەورە دایكـی (موسا)ی (ﷺ) ئاگادار كردەوە بەوەی كـە شـیر بـە ( موسـا) (ﷺ) بـدات، وە ئەگەر ترسی لێ هەبووئەوا با فڕێی بداتـە ناو دەریاكەوە .. گومـانی تێدا نیـیە كـە ئـەم ئاگادار كردنەوەیـە بـەڕێگای بـەهرە (إلهـام) بـووە، وە ئـەو ئاگاداریــە هــی پێغەمبەرایەتی نەبووە ...

### سێ یەم: چۆنێتی (وحي) خوای گـەورە بۆ پێغەمبەرانی:

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وما كَانَ لِبشرٍ أَنْ يكلمه الله إلا وحيا أو مِن وراءِ حِجابٍ أو يرسِلَ رسولًا فيوحِي بِإِذْنِهِ ما يشاءُ إنه عِلي حكِيم ﴾.

[الشورى: ٥١] .

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەو ڕێگایانەمان بـۆ ڕوون دەكاتەوە كە پەروەردگار سـروش و فەرمانی خۆی دەگەیەنێ بە پێغەمبـەرانی، وە باسی دەكات كە (**سێ**) ڕێگان:

١ ــ (**وحيــاً**) واتــە: خــوای گــەورە فەرمانی خۆی بكاتە دڵی پێغەمبەرەكەی بە بێ ناردنی فریشتەیەك لە فریشتەكان، پێغەمبەرەكـــەیش لـــە دوای ئاگـــادار كردنەوەكـە گومـانی لـەوەدا نابێـت كـە ئەمــەی لــە دڵــدا جــێگیر بــووە لــەلای پەروەردگارەوەیە ئـەم ڕێگایـەی یەكەمـە بە دوو شێواز خۆی دەنوێنێت:

شێوازی یەكەم: **الإلهام والقـذف في القلـب**، واتــە: **بەهرەخســتنە نــاو دڵــی پێغەمبەرەكە بە فەرمانی خوای گەورە**.

شێوازی دووەم: (**الرؤيا في المنام**)، واتە: **خەوبینین**،

چونكە خەوی پێغەمبەران ڕاستە، هـەر لەبەر ئەمەیشە (إبراهیم ﷺ) پەلەی كـرد لــەوەی كــە (إیســماعل)ی كــوڕی (ﷺ) ســەربڕێ لــە كاتێكــدا لــە خــەودا بینــی ســـەری دەبـــڕێ، وە ئـــەم خەوەیشـــی بە(سروش ) و فەرمانێكی خوایی دانا، وە سـەرەتای (**وحـي**) بـۆ پێغەمبـەر (محمـد ﷺ) بریتـی بـوو لەخـەو بینینـی ڕاسـت، هــەروەكو لــە فەرموودەكــەی (عائیشــە) (خـــوای لـــێ ڕازی بێـــت) بۆمـــان ڕوون دەبێتەوە كە دەفەرمێت:

(( أول ما بديء به الرسول (ﷺ) الرؤيا الصالـحة في النوم، وكان لا يرى رؤيا إلا جاءت مثل فلق الصبح))[٢].

واتە: سەرەتای سروشی خوای گەورە بۆ محمد (ﷺ) بریتی بوو لە بینینی خەوی ڕاست، وە پێغەمبەر (ﷺ) هیچ خەوێکی نەدەبینی یەکسەر ڕاستەوخۆ دەهاتە دی و دەردەکەوت وەکو بەرەبەیان ...

٢ ـ (**أو من وراء حجاب**) واتە: لەپشت پەردەوە، کە خوای گەورە قسە لە گەڵ پێغەمبەرانی دەکات لەپشت پەردەی نووری خۆیەوە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ بەبێ ناردنی فریشتەیەك لە فریشتەکانی، بەم ڕێگایە خوای گەورە قسەی لە گەڵ (موسى ﷺ) کرد لە کێوی (**طور**) هەروەکو دەفەرمێت:

﴿هلْ أتاك حدِيثُ موسى إِذْ ناداه ربـه بِالْوادِ الْمقَدسِ طُوى اذْهب إِلَى فِرعونَ إِنـه طَغى﴾. [النازعات: ١٥ ـ ١٧][٣].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی ( موسى)ت (ﷺ) پێگەیشتووە کاتێك کەپەروەردگار بانگی لێ کرد لەدۆڵی بەڕێز کە ( **طوى** ) یە، وە فەرمانی پێ کرد بەوەی بچێت بۆ لای (فرعون)....... وە هەر بەم ڕێگایەیش پەروەردگار قسەی لەگەڵ (محمد) (ﷺ) کرد لەشەوی (الإسراء والـ ـمعراج) کە تێیدا فەرمانی پێ کردبە نوێژ کردن ...

٣ ـ ( **أو يرسل رسولاً فيوحي بإذنه ما يشاء** ) واتە: ڕێگای سێیەم بۆ (سروش) ئەوەیە کە خوای گەورە نێردراوی خۆی دەنێردرێت لە فریشتەکان بۆ پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی، ئەو فریشتەیەیش فەرمان و فەرموودەی خوای گەورە دەگەیەنێت بە پێغەمبەرەکە بە گوێرەی ئەوەی خوای گەورە ویستی لێ بێت، نەك بەویستی خۆی ..

ئەوەی شایەنی باس بێت زۆربەی کات خوای گەورە (جبريل)ی کردووە بە نێردراوی خۆی بۆ لای پێغەمبەرانی ...

پاش باسکردنمان بۆ هەر (سێ) ڕێگەکانی ( **وحي** ) دەمانەوێت تێ بگەین لەوەی کە ( قورئان)ی پیرۆز دابەزێنراوە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە تەنها بە

---

(٢) صحيح البخاري، كتاب التعبير، باب أول ما بدء بـه رسول الله (ﷺ) من الوحي الرؤيا الصالحة رقم: (٦٥٨١)، وكتاب بدء الوحي، باب كيف كان بدء الوحي إلى رسول الله (ﷺ) رقم : ( ٤٦٤٣-٤٦٤٥-٤٧٥٧-٧٠٨٦).

(٣) ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەرچەند شتێك، لەوانە :

یەکەم: خوایگەورە(نداء) دەکات، واتە: بانگ کردن بەدەنگەوە، کەئەم جۆرە قسەکردنە شیاوە بەخۆی، ناشوبهێت بەهیچ لەبەندەکانی.

دووەم: دروست نی یە بەهیچ خاك وشوێنێك بوترێت پیرۆز و(مقدس)تاوەکو بەڵگەی قورئان وفەرموودەی صەحیحی لەسەر نەبێت.

ڕێگای (سیٚیەم)، وە هیچ لە (قورئان) بە ڕێگای (یەکەم) و (دووەم) دانەبەزیووە، وە ئەو فریشتەیەی کە (قورئان)ی دابەزاندە خوارەوە بۆسەر (محمد ﷺ) (جبريل عليه السلام) بوو .

**ئایا** (جبريل عليه السلام) **چۆن** (**قورئان**)**ی دابەزاندووە** ؟

**چوارەم: چۆنێتی دابەزینی قورئان لە( جبريل )ەوە (عليه السلام ) بۆ سەر محمد** (ﷺ)[٤]:

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وإنه لَتنزيلُ رب الْعالَمِين نزلَ بِهِ الروح الْأَمِين علَى قَلْبِك لِتكُونَ مِن الْمنذِرِين﴾.[الشعراء: ١٩٢ ـ ١٩٤] .

خوای گەورە لەم ئایەتانەدا باسی ئەوە دەکات کە (قورئان) دابەزێنراوێکە لەلایەن خۆیەوە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە، وە باسی ئەوەیش دەکات کە ئەوەی ئەو (قورئان)ەی دابەزاندووە بۆ سەر (محمد ﷺ) (جبريل)ە(عليه السلام) کە خوای گەورە ناوی دەبات بە (الروح الأمين) .

وە خوای گەورە لە قورئاندا باسێکی وای (جبريل) (عليه السلام) دەکات کە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم فریشتەیە لەوپەڕی زانیاری و هێزدایە، وە پلەی بەرزە لای خوای گەورە و هەڵدەستێت بەکارەکەی بەپێی ئەوەی خوای گەورە فەرمانیپێ کردبێت .

**کەواتە خوای گەورە پیرۆزترین فریشتەی خۆی هەڵبژارد بۆدابەزینی پیرۆز ترین کتێبی خۆی بۆ سەر پیرۆز ترین پێغەمبەر** (ﷺ) .

وە گەیاندنی ئەم قورئانە بە (محمد) (ﷺ) لە لایەن (جبريل)ەوە (عليه السلام) چۆنێتیکەی دەردەکەوێت لەم فەرموودەیەدا:

عن عائشة (رضي الله عنها ) أن الحارث بن هاشم سأل رسول الله (ﷺ) فقال: يا رسول الله! كيف يأتيك الوحي؟ فقال رسول الله (ﷺ): ((أحياناً يأتيني مثل صلصلة الجرس، وهو أشده علي، فيفصم عني وقد وعيت عنه ماقال، وأحياناً يتمثل لي الملك رجلاً فيكلمني فأعي مايقول))[٥].

واتە: دایکی ئیمانداران (عائیشە) (خوای لێ ڕازی بێت) باس دەکات کە (حاریسی کوڕی هیشام) (ﷺ) پرسیاری کرد لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) وپێی

(٤) دابەزینی قورئان، واتە: لەئاسمانەوە بۆسەر (محمد) (ﷺ) دەبێتە بەڵگەیەکی زۆر بەهێز لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە لە سەرووی ئاسمانەکانە بە شێوازێك کە شیاوە بە خۆی .

(٥) صحيح البخاري، كتاب بدء الوحي، باب كيف كان بدء الوحي الى رسول الله (ﷺ) ، ٣٠٤٣).

فـەرمووی: چـۆن (جبریـل) (علیـە السـلام) (**وحـي** )ت بۆدێنێـت؟ پێغەمبـەری‌خوایش (ﷺ) لەوەڵامدا ئەوەی ڕوون كردەوە كە (جبریـل) (علیـە السـلام) كاتێـك (**وحـي** ) خـوای پـێ دەگەیـەنێت(بـە یـەكێك لـەم دووڕێگایەیە):

**ڕێگای یەكەم:**

**((**أحياناً يأتيني مثل صلصلة الـجرس ... وقد وعيت عنه ما قال**))** .

واتە: جاری واهەیە كە (جبریل) (علیـە السلام) (**وحي** ) م بۆ دێنێ دەنگێكی بـە هێـزی لێـوە دێـت وەكـو دەنـگ دانـەوەی زەنــگ، كەئـــەم حاڵەتـــەش قورســـترە لەسـەرم، پاشـان لـێم جیـا دەبێتـەوە لـە كاتێكـدا كەئـەو فەرمانەخواییـیـەی كـە هێنـاویێتی لەبـەرم كـردووە ولێـی تـێ گەیشتووم.

كەوابوو لەم ڕێگایـەدا (جبریـل) (علیـە السـلام) لەسـەر شـێوازی (فریشـتە) یـی خۆیەتی .

**ڕێگـای دووەم: (وأحياناً يتمثل لي الملك رجلاً فيكلمني فأعي مايقول ).**

واتـە: جـاری وایـش هەیـە (جبریـل) (علیـــە الســـلام) دێـــت بـــۆلام لەســـەر شـــێوەی‌پیاوێك پاشـــان قســـەم لەگـــەڵ دەكات و فەرمانی خوام پـێ ڕادەگەیـەنێ ومنیش بە تـەواوی قسـەكانی تێدەگـەم و لەبـەری دەكـەم . جـا لەبـەر ئـەوەی لـە ڕێگـــای ( دووەم ) دا (جبریـــل) (علیـــە السلام) لە شێوازی پیاوێك دەهات بۆیـە ئەمـەیان كـەمتر زەحمـەت بـوو لەسـەر پێغەمبـەر (ﷺ) وەك لـەڕێگای یەكـەم، چونكە لەدووەمدا گونجاندن و وەك یـەكی یەك هەیە لە نێوان قسەكەر وگوێگر .

خوێنـەری ئازیز: بـەم شـێوەیە هاتینـە كۆتایی بابەتەكەمان .

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**.

## سەرچاوەكان

١ ـ الجداول الجامعـة في العلـوم النافعة، ص: (١٣٢) .

٢ ـ مباحث في علوم القران، ص: (٢٧-٢٨، ٣٢-٣٦) .

٣ ـ مجلة ( الرسـالة الاسـلامية)، مقال عـن (الـوحي) ..، العـددان: (١١٧-١١٨)، ص: (١٦-١٨) .

٤ ـ الرسل والرسالات، د. الاشقر، ص: (٥٩-٦٠).